ئەوەی تەمیمەیەک^ هەڵبواسێت؛ ئەوا شیرک وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە

لە عوقبەی کوڕی عامری جوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، نۆ کەسیان بەیعەتیان دا وبەیعەتی لە دەیەم وەرنەگرت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، بەیعەتی نۆیانت وەرگرت و وازت لە ئەو هێنا؟ فەرمووی: «تەمیمەی پێوەیە -بەخۆیەوە هەڵیواسیوە-»، پیاوەکەیش دەستی دایە وپچڕانی، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەیعەتی لێوەرگرت، وفەرمووی: «ئەوەی تەمیمەیەک^ هەڵبواسێت؛ ئەوا شیرک وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە». ^(تەمیمە؛ واتە: کاغەزێکە نووسراوە ودەپێچرێتە ناو شتێك یان شتێکە -چاوەزارێکە- لە دەست دەکرێت یان دەکرێتە ملەوە یان هەڵدەواسرێت کە پێیان وایە لە چاوی پیس وشتی خراپ دەیانپارێزێت)

[حەسەن - باش)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە)]

کۆمەڵێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، دە کەس بوون، نۆیان بەیعەتیان دا لەسەر ئیسلام وشوێنکەوتنی، بەڵام بەیعەتی دەیەمی وەرنەگرت، پرسیاری لێکرا سەبارەت بە هۆکارەکەی؛ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: تەمیمەی بەخۆیەوە هەڵواسیوە، تەمیمە: پێچراوێکە یان هەڵواسراوێکە لە مووو وشتی تر دروستەکرێت کە پێیان وایە لە چاوپیسی وزیان دەیانپارێزێت. پیاوەکە دەستی برد بۆ شوێنی تەمیمەکە وپچڕانی وفڕێی دا، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەیعەتی لێوەرگرت، وحوکمەکەی ڕوونکردەوە وهۆشداریدا ؛ فەرمووی: «ئەوەی تەمیمەیەک هەڵبواسێت؛ ئەوا شیرک وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە».

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6762